## عەدالەت ڕەزا گەرمیانی:

# زیندانی (ئەمنە سوورەکە) میوانداری فیستیڤاڵی هونەری نوێ و کلتوری دوای جەنگ دەکات

بڕیاروایە ئەم ساڵ یەکەم فیستیڤاڵی هونەرو کلتوور دوای جەنگ لە کوردستانی عێراق بەڕێوە بچێت بە پشتگیری قونسوڵگەری هەردوو وڵاتی ئەمریکاو بەریتانیا و وەزارەتی دەرەوەی هەردوو وڵات لە لایەن ڕێکخراوی (art role) ی بریتانی لە ٧-٩/١١/٢٠٠٩ لە پاریزگای سلێمانی لە زیندانی (ئەمنەسوورەکە).بەرنامەو کاری فیستیڤاڵەکە لەلایەن ڕێکخراوی (Art Role) کە بارەگاکەی لە بەریتانیایە داڕێژراوە . ئەم فیستیڤاڵە دەرفەتێکی بی وێنە دەستەبەر دەکات بۆ هونەرمەندانی ئێراقی و نێودەوڵەتی جگە لەمانەش بەرپرسان و ئەکادیمییەکان بۆ لەبەرچاو گرتن و بەشداری کردن لە سەرهەڵدانی بزاڤی هونەری هاوچەرخ لەو وڵاتە هاندەرن، هەروەها چەند میدیایەکی جیهانی و کەسانێکی گرنگی ڕێکخراوە هونەری یەکان و دامەزراوە پەروەردەیی یەکان بەشداری فیستیڤاڵ دەکەن، بۆ ئەم مەبەستە عەدالەت رەزا بەرپرسی رێکخراوی (art role) بەم شێوەیە وەڵامی چەند پرسیارێکی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.

دیمانە / شەونم رەزا

*** مەبەست لە ڤیستیڤالی هونەری نوێ و کلتوری دوای جەنگ لەکوردستانی ئێراق چی یە؟**

- ئەم فیستیڤاڵە هونەرییە یەکەم فیستیڤاڵە دوای جەنگ ساز بکرێت لە کوردستانی عێراق کە خەڵکانێك لەسەر ئاستی رۆشنبیری و سیاسی و کەلتووری و ئەکادیمی لەگەڵ یەك کۆ دەکاتەوە بۆ پراکتیزە کردنی هونەر، هەروەها پشتیوانی هونەرمەندانی هاوچەرخ دەکات لە ڕووی دابین کردنی ئیقامە لە بەریتانیا کە هونەرمەند بۆماوەیەکی دیاریکراو بەمەبەستی ئاڵوگۆڕکردنی کەلتورلە نێوان ڕۆژئاوا (ئەمریکا و بەریتانیا)، هەروەها ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە تایبەتی (کوردستانی عێراق) بە شێوازی جیاجیا کار دەکات.

*** کێن ئەوانەی لە فیستیڤاڵ دا بەشدار دەبن؟**

-نمایش کردنی کارەکان لە لایەن هونەرمەندانی بەریتانی و ئەمریکی و ئێراقی دەبێت، هەروەها فیستیڤاڵەکە چەند پێشنیارێك دەخاتە بەردەم هونەرمەندانی گەنجی تازە پێگەیشتوو و هونەرمەندانی ئافرەتی ئێراقی بەشداربووانیش ئەمانەن :

- خۆم (عەدالەت رەزا گەرمیانی)جگە لەوەی کە بەرپرسی ڕێکخراوی (Art Role)م کە بە نمایشێکی هونەری بەشداری دەکەم لە ژێرناونیشانی (گەمەی یادگارییەکان) بە هاوبەشی لەگەڵ هونەرمەندی بانگهێشکراو (ئان بین –ڕیچارد وڵسن – کریس گراووین ) و (٤٦) هونەرمەندی میوزیك ژەنی کورد . پەیکەرتاشی بەریتانی (ڕیچارد وێڵسن)کارێکی هونەری ئەنجام دەدات بۆماوەی (٣)مانگ بەناوی (charles collection Saatchi)واتا کارێك بە جۆری (هەڵواسین) وەك بە شێك لە فیستیڤاڵەکە کە بۆ یەکەم جارە ئەم کارە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەنجام دەدات پاش ئەنجامدانی لە (٨) وڵاتی دیکەی جیهان، نمایشی کاری هونەری هونەرمەندانی کورد لە سەرتاسەری هەرێم و هونەرمەندانی(بەغدا) و چەند شارێکی دیکەی ئێراق لە (ئەمنە سورەکە).





- فۆتۆگرافەری ئەمریکی (سوزان مەیسلس) نمایشی فۆتۆگرافی خۆی پێشکەش دەکات لەگەڵ نمایشکردنی وێنە بە سلایت شۆ و گفتوگۆ و باسکردن سەبارەت بە پرۆژەی پەرتوکەکەی بەناوی (کوردستان لە ژێر سێبەری مێژوودا).

- هونەرمەند و مامۆستای ئەمریکی (نانسی بیوکنان) فیلمێك سەبارەت بە ئافرەتی کورد پێشکەش دەکات

-نمایشی ڤیدیۆیی هونەرمەند (ئان بین )دەکرێت و نمایش و باسکردنی چەند کارێکی هونەری کە پێشووتر لەلایەن (Art Role)وە بەرهەم هێنراوەو نمایشکراوە.

*** عەدالەت ڕەزا گەرمیانی کارێکی هونەری نوێ ئەنجامی دەدات لەم فیستیڤاڵەدا بە ناوی (گەمەی یادگارییەکان) گەر بکرێت بە کورتی باس بکرێت؟**

- لە بارەی ژیان و بیروەریی خۆمە لە سەرەتایی ساڵانی دوای ڕاپەڕین کەماوەی (٢)ساڵ لە ئەمنە سوورەکەدا ژیاوم واتە بەکورتی باسکردن و بیرهێنانەوەی کارو ژیانی من لە (١٥) بۆ (٢٠)ساڵی ڕابردووە لەگەڵ دایکم و چەندکەسانێکی نزیکی خۆم بە هاوبەشی ئەوانەی ڕۆڵ دەبینن: دایکم، (٤) هونەرمەندی بیانی، (٤٦)موسیقاژەنی کورد، ژمارەیەك زیندانی کە پێشتر لە ئەمنە سوورەکە زیندانی کراون.

*** جگە لەنمایشکردنی کاری هونەری لەم فیستیڤاڵەدا چ کارێکی دیکە ئەنجام دەدرێت؟**

- بەڵێ جگە لە نمایشی هونەری چەند کۆڕو سیمینارێك ئەنجام دەدرێت لەلایەن بەرپرسانی بوارەکانی ئەکادیمی و زانستی لەوانە:

١- دکتور سینیپیا شنایدەر : پرۆفیسۆری لێهاتووە لە بواری دیبلۆماسی لە زانکۆی جۆرج تاونی ئەمریکی

٢- فرام گیناگاوا : نوێنەری هونەری لەگەلەری گشتی (Echigo-Tsumari Triennial)

٣- نمایشکردنی جلوبەرگی کوردی کە چەند ئاهەنگێکی موسیقاو هەڵپەرکێی کوردی تیایدا ئەنجام دەدرێت .

٤- لیژنەی بڕیاردەر و گفتوگۆکردنیان سەبارەت بە بانگهێشکردنی هونەرمەند بڕیاردەرانی لیژنەکە کەسانی نێودەوڵەتین.

٥-لەماوەی (٣) ڕۆژی فیستیڤاڵەکەدا هەموو گەلەرییەکانی لەشارەکەدا دەکرێنەوە.

*** بۆ ئەنجامدانی ئەم ڤیستیڤاله بۆچی شوێنی زیندانی ئەمنە سورەکە هەڵبژێردرا؟**

- ئەمنە سوورەکە پێشتر باڵە خانەی ئاسایشی سەدام حسێن بووە لە شاری سلێمانی، ژوورەکانی ئەم باڵەخانەیە ڕۆژێك لە ڕۆژان لە لایەن ڕژێمی بەعسی ڕووخاو بەکارهاتوون بۆ ئەشکەنجەو ئازاردان و کوشتنی کوردان ئێستا ئەم باڵەخانەیە بووەتە مۆزەخانەیەك و گەلەرییەك بۆ ئەوەی بپارێزرێت، هەروەها ئەنجامدان و هەبوونی ئەم فیستیڤاڵە دەبێتە هۆی پیشاندانی مێژووی کەلتووری کوردی.

*** ئایە لە بەرنامەتاندا هەیە لە شارەکانی تری کوردستان ئەم فیستیڤاڵە ئەنجام بدرێت؟**

- بەڵێ لە داهاتوودا بە نیازین لە شارەکانی تری کوردستان ئەم فیستیڤاڵە ئەنجام بدرێت بە تایبەتی لە شاری هەولێر ئەویش لە( قەڵای هەولێر).



## هونەرمەند خالید سەرکار بۆ گوڵان:

# دەبێت کار بۆ دامەزراندنی بنەمای مۆسیقای کوردی بکەین


خالید سەرکار ئەستێرەکی درەوشاوەی ناو هونەری موسیقای کوردییە و توانیویەتی هەر لە پێش سەرەتاکانی دامەزراندنی تیپی موسیقای سلێمانی تا بە ئەمڕۆ خزمەتێکی بەرچاو بە دنیای هونەری کوردی بکات، ئیستا سەرپەرشتیاری پەروەدەیی هونەریی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەیی سلێمانییە، لە دیدارێکدا بۆ گۆڤاری گوڵان بەم شێوەیە بۆ وەڵامی پرسیارەکانمان هاتە ئاخاوتن

دیمانە سۆران مارف کەریم
Soran_marf1980@yahoo.com

**لەسەرەتادا هونەرمەند خالید سەرکار بەم شێوەیە هاتە ئاخاوتن و گوتی:** من خالید سەرکار ناوی تەواوم خالیدی شیخ ئەحمەدی عەزیزە لە ساڵی ١٩٤٧ لە گوندی گڵە زەردەی سەر بە پارێزگای سلێمانی لە دایك بووم، نازناوی سەرکارم لا جوان بووە لەبەر ئەوەی باپیرانی باوکم شێخ محەمەدی سەرکار ئەو نازناوەی هەبووە، سەرەتای خوێندنم لە قوتابخانەی کانێسکانی شاری سلێمانی بووە دواتـــر لەبەر گواســـتنەوەی ماڵمان بۆ گوندی زرگوێز دوو ســـاڵ لەو گوندە خوێندوومە پاشان لە ناوەندی و دوا ناوەندیم هەر لەشاری سلێمانی تەواو کردووە، لەبەر کـــەم دەرامەتی نەمتوانیوە کۆلێژ تەواو بکەم چوومەتە خانەی مامۆستایان لـــەوی بە پلەیەکی زۆر بـــاش دەرچووم و هەر لە خانەی مامۆستایانیش فێری مۆسیقا بووم، چونکە لەوێ وانەیەکمان هەبوو خوالێخۆشـــبوو مامۆســـتا ولیەم یوحەننا دەیگوتەوە ئیتر لەوێوە حەزم کرد ئەم هونەر بەرجەســـتە بکەین و فێری ببین، دوای ماموســـتا یولیەم یوحنا مامۆستا حـــازم حەداد هات وانەی مۆســـیقای پێگوتین (ئێستا لە ئەمەریکایە) کە خانەی مامۆستایانم تەواو کرد بووم بەمامۆستای موسیقاو سروود لە قوتابخانەکانی شاری سلێمانی و لەگەڵ چەند ساڵێك مامۆســـتایەتیدا چەند بەرهەمێکمان لە تەلەفزیۆنی کەرکوك پێشکەش کرد، هەروەها زۆر کاری هونەریمـــان دەبردە ئەو تەلەفزیۆنەو لەوێ تۆمارمـــان دەکرد.بەتایبەتی ئـــەو بەرهەمانەی پەیوەنـــدی بە تیپی مۆســـیقای ســـلێمانی و کاری قوتابخانەکانـــەوە هەبوو، پاشـــان بووم بە سەرپەرشتیاری هونەری لە چالاکی قوتابخانەکان چاودێری کارەکانی قوتابخانەکانمان دەکرد، لەو دەمەدا چەندین ڤیســـتیڤاڵی گەورە کرا لەسەر ئاســـتی عێراقدا شاری ســـلێمانی لەبەر ئەوەی پێگەی هونـــەر زۆر بەهێز بوو تیایدا خۆمان لە خەباتێکی هونەری گەورەدا دەبینیەوە بەرامبەر بە ڕژێم کارەکانمان هەمـــووی کاریگەرو بەهێز بوون بۆیە هەموو کارەکانمان لەســـەر ئاســـتی عێراقدا هەمیشـــە لە پلەی یەکەم بوون، پاشان مـــن لە ســـاڵی ١٩٩٨ چوومە هەنـــدەران و لە وڵاتی فەرەنســـا کۆنســـێرتێکی هونەریمان کرد پاشان چووم بۆ هۆڵەندا لەوێ مامەوە و داوای مافـــی پەنابەرێتیم کرد ماوەی پێنج ســـاڵ لەو وڵاتە لەگەڵ ئۆرکێسترایەکی گەورەی هوڵەندی کارم کردووەو کارەکانیشـــم هەمووی ماوە پاشان بەیەکجـــاری گەڕامەوە کوردســـتان و بەپلەی سەرپەرشتیاری پەروەردەی هونەری دامەزرام و ماوەی سێ ساڵە سەرقاڵی ئەو کارەم

*** سەرەتاکانی دامەزراندنی تیپی موسیقای سلێمانی بە فەرمی بۆ ساڵی ١٩٦٩ دەگەڕێتەوە ئێـــوەش ئەندامێکی چالاکی ئەو تیپە بوون،کارو چالاکی و ئەو ئاســـتە بەرزەی تیپی موسیقای سلێمانی لەو دەمەدا بۆچی دەگەڕێننەوە ؟**

- سەرەتا پێش ئێمە تیپی مۆسیقای مەولەوی هەبوو کە مامۆستای خوالێخۆشبوو قادر دیلان سەرپەرشتی دەکرد، مامۆستا ولیەم یوحەنناش لەو تێپەدا کاری کردووە، بەڵام بەچوونی هونەرمەند قادر دیـــلان بـــۆ دەرەوەی وڵات لە ســـاڵانی شەســـتەکاندا ئەو تیپە هەڵوەشایەوە و هەستمان کرد بۆشاییەك هەیە لە شاری سلێمانی و تیپی موسیقا زۆر کەمە یان هەر نەبوو بۆیە بیرۆکەی دامەزراندنی تیپی مۆسیقای سلێمانیمان داڕشت ئەو کاتە ئێمـــە کۆمەڵێك گەنج بووین خەریکی فێربوونـــی مۆســـیقا بووین کـــە ئەندامەکانی



بریتی بوون له ماموّستا (ئەنوەر قەرەداغی ) کە ئەو پێش ئێمە ماموّستاش بوو من و کاك فەرەنسیس داود و ماموّستا حەمە حوسێن و جەمال شادان و حوسێنی جەمبووش و ماموّستا فەریدوون دارتاش و فەرید عیسا و فەرید داود و کۆمەڵێك گەنجی تر (داوای لێبووردن دەکەم ئەگەر ناوەکانیانم لەبیر چووبێت)، بیرمان لەوە کردەوە کە بۆچی ئێمە تیپێکی مۆسیقا دروست نەکەین بۆ شاری سلێمانی و ئەوە بوو بە فەرمی داوامان لە حکومەت کرد کە مۆڵەتمان بداتێ و تۆماری کارە هونەرییەکانمان بکەین، ئەوە بوو دەستمان کرد بە کاری هونەری لە دەمەوە تیپی مۆسیقای سلێمانی بە کۆمەڵێك کاری جوانەوە رۆڵی خۆی بینوە و هوکاری سەرکەوتنی ئەو تیپە لەو دەمەدا بۆ ئەوە دەگەڕێنمەوە کەوا ئەو سەردەمە سەردەمی خەبات بوو، سەردەمی تێکۆشان گەیاندنی ناسنامەی کورد بوو بە جیهان و بە هەموو ڕێگایەك کارمان بۆ ئەوە دەکرد کورد ناوی هەبێت و ئێمە ئەو کۆمەڵە گەنجە کارەکانمان زۆر بە جدی دەکرد زۆر خۆمان ماندوو دەکرد و کاری سەرپێییمان نەکردووە، کاری لاوازمان بەرێ کردووە و رەتمان کردۆتەوە ئەگەر هی نزیکترین کەسی خۆمان بووبێت لەبەر ئەوە هەموو کارەکانمان سەرکەتوو بوو، ئێمە ساڵ بە ساڵ بەرهەممان پێشکەشی میللەتەکەمان دەکرد لە رووی هونەرییەوە هەڵسەنگاندنی باشمان بۆ کارەکە دەکرد هەرگیز نەمانهێشتووە کارێکی تیپی موسیقای سلێمانی بەلاوازی بڕوات بۆیە ئەو کارانە لەگەڵ ڕیزمدا لەگەڵ ئەو کارانەی ئێستا زۆر جیاوازە کە ئێستا بە شێوازی زۆر خێراو بێ بیر کردنەوە و بە سادە و ساکار کاری بۆ کراوە . ئەو سەردەمەی ئێمە نەخێر کارەکان وا نەبوون خۆمان لەگەڵ بەرهەمێکدا چەندین مانگ خەریك دەکرد بۆیە هەمیشە کارەکانی ئەو کاتەی تیپی موسیقای سلێمانی جێی خۆی گرتووە کارەکان بوون بە بنەما بۆ مۆسیقای کوردی، بە دنیامان گوتوە میللەتی کورد موسیقای خۆی هەیە فۆلکلۆری خۆی هەیە هەستمان کردووە پیویستە بوونی هونەری خۆمان بچەسپێنین بە خۆشحاڵییەوە ئیستاش ئەو ئاواتەمان هاتۆتە دی.

*** هەندێك لەو کەسانەی لە ساڵانی هەشتاکان سەرقاڵی کاری هونەری بوون پێیان وایە تیپی موسیقای سلێمانی نەیتوانیوە وەکو چەترێك لەو دەمەدا کار بۆ کۆکردنەوەی تەواوی هونەرمەندان بکات تۆ لەو رووە وە دەڵیی چی ؟**

-پێم وایە دووره پەرێزی نەبووە لە نێوان هونەرمەندان و تیپی موسیقای سلێمانی، بەڵام هەندێك لە هونەرمەندان خۆیان تیپی تریان هەبوو یان لە تیپی تردا کاریان کردووە بۆ نمونە تیپی موسیقای بابان و تیپی مەولەوی و تیپی تریش هەبووە، هەندێك لەو هونەرمەندانە خۆیان لەو تیپانەدا بینیوەتەوە و تیپی مۆسیقای سلێمانی هونەرمەندەکانی زۆر دیار بوون بۆ نموونە قادر کابان، کەریم کابان، حەسەن گەرمیانی، ئەسعەد قەرەداغی، ئیبراهیمی خەیات و عوسمان عەلی بوون ئەمانە بە شێوەیەکی رەسمی لەگەڵ تیپی موسیقای سلێمانی کاریان کردووە، بەڵام ئەمەش ئەوەی نەگەیاندووە کە ئێمە دەرگامان بەڕووی هونەرمەندانی تردا داخستووە، نەخێر هونەرمەند هاتووە بۆ تیپی ئێمە ئەندامی تیپی مۆسیقای سلێمانیش نەبووە گۆرانیمان بۆ تۆمار کردووە و بەرێزەوەش بەرێمان کردووە بەمەرجێك ئەو توانا هونەرییەی تیا هەبووبێت کە ئێمە بەدیمان کردووە.

*** ئیستا تیپی مۆسیقای سلێمانی کارە جوانەکانی ساڵانی حەفتاکان و هەشتاکانی لێ بەدی ناکرێت ئەمە بۆ چی دەگەڕێنیتەوە، ئایا قەیرانێك هەیە ئەو تیپە تووشی هاتبێت؟**

-من پێم وایە هەر سەردەمێك مۆسیقا و گۆرانیبێژی خۆی هەیە و هەر سەردەمە و هونەرمەند لە ستایلێکی تایبەتدا کار دەکات، لەم سەردەمەشدا تیپی موسیقای سلێمانی توانیوویەتی کاری جوان پێشکەش بکات، بەڵام هوکاری ئەوەی بۆچی کارەکانی کەمتر دەبینرێن ئەمە پرسیارێکە تەواوی تیپە هونەرییەکانی گرتۆتەوە ئەویش هوکارەکەی ئەوەیە ئەمرۆ کەناڵەکانی کارکردنی هونەرمەند زیادی کردووە جاری وا هەیە هونەرمەندێکی موزیك ژەن لە سێ چوار گروپدا کاری هەیە، باشە چون دەتوانێت توانا هونەرییەکەی بە شیوەیەکی باش چڕ بکاتەوە و کار بۆ تیپی موسیقای سلێمانی بکات؟ بەڵام لە زەمەنی ئێمە تەنها تیپی موسیقای سلێمانی بوو کە ئێمە کارمان تێدا دەکرد هیچ شوێنێکی تر نەبوو کاری لێ بکەین و تواناکانمان هەمووی بۆ کارەکانی ئەو تیپە کۆ کردبۆوە.

*** باسی ئەوەت کرد هەر زەمەنە و موسیقای خۆی دەوێت باشە ئێمە بۆ ئەمرۆ پێویستمان بە چ جۆرە موسیقایەکە ؟**

-بمانەوێت و نەمانەوێت مۆسیقای ئەمرۆ لە دنیای مۆدێرنیزمدا دەژی و مۆسیقای میللەتانی تر بە هەموو شێوە و شێوازێك هاتۆتە ناومانەوە، بەڵام جێی داخە ئێمە تا ئیستا ناتوانین بڵێین ئەمە مۆسیقای ڕاستەقینەی ئێمەیە و دیفاعی لێبکەین لەبەر ئەوەی ئێمە لە ڕابردوودا میللەتێکی ژێر دەست بووین زۆربەی شتەکانمان براوەتە دەرەوە وڵاتانی تر کردوویانە بە هی خۆیان ئێمە لەم قوناغەدا پێویستمان بەوەیە قسەمان یەك بخەین و هەڵوێستی هونەریمان ڕێك بخەین و بتوانین بە هاوکاری کوردی پارچەکانی تری کوردستان سیمای موسیقای خۆمان دیاری بکەین و کار بکەین بۆ دامەزراندنی بنەمای مۆسیقای کوردی و وەك میتۆد بخوێنرێت لە پەیمانگاکاندا، ئەمرۆ مۆسیقای کوردی تێکەڵ بووە بە موسیقای تورك و عەرەب و فارس

هەندێك پەنا بۆ موزیك ژنە عەرەب و تورك فارسەكان دەبرێت بۆ ئەوەی كار لە گۆرانییەكی كوردیدا بكەن من ئەو پرسیارە دەكەم لە كوێ بۆ گۆرانییەكی كوردی كوردێك ئامیرەكەی بژەنی و لە كوێ دەست و پەنجەی كابرایەكی عەرەب یان تورك ئاوێتەی بەرهەمەكە بێت بۆیە ئێمە سەرگەردانییەكمان تووش بووە دەبێت بە خۆماندا بچینەوە بزانین رەسەنایەتی خۆمان لە چیدایە، بزانین كە كامە میلۆدی و ئیحساسی كوردییە، من پێم وایە پێشكەوتنی موسیقای كوردی ئەوە نییە بە ئاوازی توركی گۆرانییەكی كوردی بلێت و یان بچیت بۆ دەوڵەتێكی وەكو میسر بە ژەنیاری ئەوان و بە ئامیری ئەوان بە ئاوازی ئەوان گۆرانییەكی كوردی بلێیت ئایا ئەمەیە پێش خستنی موسیقای كوردی، ئەمە سەرگەردانییە لە موسیقای كوردیدا و دەبێت ئەو شوێنانەی بەرپرس بكەونە خۆیان .

***ئێوە وەكو سەرپەرشتیاری پەروەردەیی چ پێشنیارێكتان بۆ ئاراستە كردنی شێوازی موزیكی رەسەن گەڵاڵە كردووە ؟**

-ئەوەی ئاماژەی بۆ دەكەیت ئەوە نەبێت كەوا لە وەزارەتی رۆشنبیری و لە رێكخراوی هونەرمەندان باسی نەكرا بێت ،رێكخراوی هونەرمەندان بەر پرسە لە هەموو كارێكی هونەری و هونەرمەندان ئەوەی ئێستا لەبەرنامەی لەرێكخراوی هونەرمەنداندایە كەوا كار بۆ كۆكردنەوەی پرۆژەیە كەوا بتوانێت هونەرێكی پاك و پوخت كۆبكاتەوە و ئەمەش هیلاك بوون و ماندووبوون و بودجەیەكی باشی دەوێت پێویستە دەوڵەت كار بۆ پێشخستنی موسیقای كوردی بكات ، وەزارەتی رۆشنبیریش پێم وایە لەم رووە بەرپرسی سەرەكییە چۆن حكومەت كار بۆ دروست كردنی رێژ خانی ئابوورییە دەبێت ئاواش دەبێت حكومەت هەوڵ بدات ژێر خانی موسیقای كوردی دروست بكاتەوە.

***دەگەرێینەوە بۆ مێژوو و دەمانەوێت بزانین بیرۆكەی درووست بوونی تیپی موسیقای شۆڕش چون بوو و زەروریەتی ئەو تیپە لەو كاتەدا بۆچی دەگەرێنیتەوە ؟**

-ساڵی ١٩٧٤ بوو كە ئێمە وەكو تیپی مۆسیقای سلێمانی پەیوەندیمان كرد بە شۆڕشەوە بە تەواوی ئامێرە موسیقیەكانمانەوە ئەو كاتە لە رێگای لقی چوارە كە بنكەی لە چوارتا بوو كار ئاسانیان بۆ كردین، ئێمەیان نارد بۆ گەلاڵە كە بارەگای سەركردایەتی شۆڕش لەوێ بوو ئێمە لەوێ دەستمان كرد بە كاری هونەری، سەیرمان كرد رۆژ بە رۆژ هونەرمەندی شارەكانی تر دەهاتنە ریزەكانی شۆڕشەوە لەوە دەرچوو كەوا تیپی تەنها شارێك بێت، ئەوە بوو ناومان لێنا تیپی مۆسیقای شۆڕش لەو روانگەیەی كە ئێمە لە سەردەمی شۆڕش و بەرخۆداندا بووین زیاتر بەرهەمەكانمان سیمای شۆڕشی پێوە دیار بوو و سروودی نیشتیمانی بوو بۆ سەنگەرو شۆڕش و بۆ هاندانی پێشمەرگە بوو بۆ ئەوەی بتوانین رۆحێكی مەعنەوی پێببەخشین بۆیە سەرۆك مسعود بارزانی لە سالی ١٩٩٣ پێشوازی لێكردین و: ووتی( سروودەكانی ئێوە شان بەشانی پێشمەرگەكان كاریگەری خۆی هەبووە لە سەر هەموو كوردێك) و ئەو كاتە پەیتا پەیتا ئێزگەی دەنگی كوردستان سروودەكانی ئێمەی بڵاودەكردەوە، بۆیە دەڵێم ئەو كاتە سەردەمی كار كردنێكی زۆر جدی بوو و خۆمان لە سەنگەری شۆڕشگێریدا دەبینیەوە و ئەو كاتە یادەوەرییەكی زۆر خۆشی لەگەڵماندا جێهێشت.

*** بەرنامەكانی كوردستار و ستۆدیۆی ئەستێرە و كۆرەك ستار هاوشێوەی یەكترن لەوێوە هەوڵ دەدرێت بایەخ بە توانستەكانی گەنجان بدرێت، بەرێزتان وەكو لیژنەی كوردستار لە كەناڵی ئاسمانی كوردسات چیان بۆ ئەوانە دەستەبەر كردووە كە پلە یەكەمیان بە دەست هێناوە ؟**

-بوونی ئەم بەرنامانە بە رای من دۆزینەوەی دەنگە نوێیەكانە بە شێوەیەكی زانستیانە نەوەك خستنە رووی بەرهەمێكی لاوەكی. بەرای من كەسێكی دەنگ خۆش لەم بەرنامانەوە پێبگات باشترە لەوەی راستەخۆ بچێتە ناو ستودیۆ بەبی هیچ ئەزمونێك و من زۆر هاندەری ئەم جۆرە بەرنامانەم بەمەرجێك لیژنەی باش و هەڵسەنگاندنی باش هەبێت و پێویستە هەڵسەنگاندنی باش بكرێ بۆ ئەم جۆرە بەرنامانە و ئەو كەناڵانەی ئەو وەعدانە دەدەن بەو هونەرمەندانە لە كاتی خۆیدا بیبەنە سەر، من ئاگادارم هەر سێ كەسی دەرچووی بەرنامەی كوردستار كاریان بۆ كراوە.

*** پێشنیازی پرۆژەی گۆڕینی سیستەمی پەروەردەی هونەری لە وەزارەتی پەروەردە گەیشتۆتە كوێ؟**

-وەكو ئاگادارم هەنگاوی زۆر باشی بۆ نراوە وئیستا لە هەموو قوتابخانەكاندا پرۆگرامی پەروەردەیی هونەر هەیە بەهەرسێ بەشی _مۆسیقا و شانۆ و شێوەكاری و ئەوەی كە وانەكانی هونەر دەڵێتەوە بۆ نموونە مامۆستای مۆسیقا وانەی مۆسیقا دەڵێتەوە و لەسەر بنەمای تایبەتمەندێتی كارەكان بەرێوە دەچن، توانیمانە زۆری قوتابخانەكان ئەوانەی مامۆستای هونەریان نییە بۆیان دابین بكەین و كێشەكانیان چارەسەر بكەین، بەڵام كێشەیەك لە مامۆستای مۆسیقا هەیە هەرچەندە پێشنیار كراوە بۆ وەزارەتی پەروەردە كەوا قوتابخانەیەكی هونەری دابمەزرێنێت تا كار بۆ پێگەیاندنی مامۆستای زیاتری هونەر بكرێت و ئەو كێشەیە چارەسەر بكەین .

*** چ پرۆژەی هونەریت لەبەر دەستە ؟**

-ئیستا زیاتر حەزم لە بواری نووسینە ئەوە بوو ماوەیەك بەر لە ئیستا كتێبی سروودە كوردییەكان هەمووییم بەچاپ گەیاند و زۆرسوپاسی وەزارەتی پەروەردەو ئەنستیتۆی كەلەپوری كورد و مامۆستا مەزهەری خالقی دەكەم كە هاوكار بوون بۆ ئەم مەبەستە و من توانیم زیاتر لە ٦٥ سروودی كوردی بە نۆتەكەیەوە بلاو بكەمەوە هەوڵم دا كە بە زیندوویی ئەو كارانە بهێڵمەوە ئەو كارە توانرا بە چاپ بگەیەنرێت، ئیستاش پرۆگرامێكم لە بەردەستە بۆ هاوكاری ئەو مامۆستایانەی كە لە باخچەی ساوایان و قوتابخانەكاندا كار دەكەن بە هیوام سوودی هەبێت بە بەرەو پێش بردنی هونەری كوردی.



## ئەو فیلمانەی زۆرترین داهاتیان بەدەست هێناوە لەم هەفتەیەدا

BOX OFFICE WEEKEND

# "پەناگەی پیاوان" باشترین پەناگەی ئەم هەفتەیەی بینەرانە

ئا: عەبدوڵلا چنگیانی

رەنگە كاتێك باسی باشترین ١٠ فیلمی سینەماكانی ئەمەریكا دەكەین، لای هەندێك كەس بۆچونێك دروست بوبێت كەوا هەر فیلمێك لەوێ نمایش بكرێت دەتوانێت ملیۆنەها دۆلار كۆ بكاتەوە، بەڵام راستییەكەی تەنها ئەو فیلمانە دەتوانن زۆرترین رەواج پەیدابكەن كە ئەم پێنج خەسڵەتەی تێدابێت:

یەكەم: بەرهەم هێنەرێكی گەورەی لەپشتەوە بێت، كە لە دەسەڵاتیدا هەبێت زۆرترین پارە لەفیلمەكە خەرج بكات.

د،وەم:دەرهێنەرەكەی كەسێكی ناسراو بێت، و پێشتر لایەنی كەم فیلمێكی سەركەوتوی دەرهێنابێت.

سێیەم: باس و رووداوەكانی فیلمەكە بەهیچ جۆرێك لەجۆرەكان لەو شێوەیە بەرهەم نەهاتبێت، واتە بابەتەكە نوێ بێت، ئیتر روداوەكانی راستی بن یاخود تەنها خەیاڵ گرنگ نییە. چوارەم: ئەو ئەكتەرانەی رۆڵ دەگێڕن، ئاست و بەناوبانگیان دەبێتە گەورەترین هۆكار بۆ رەواج پەیداكردنی فیلمەكە.

پێنجەم؛ نوێترین تەكنەلۆجیای تێدا بەكارهاتبێت، ئەمەش تەنها كامێرا ناگرێتەوە.

بۆ نموونە لەم هەفتەیەدا ئەگەرچی فیلمی یەكەم " پەناگەی پیاوان " توانیویەتی زیاتر لە ٣٤ ملیۆن دۆلار كۆبكاتەوە، بەڵام لەهەمان كات، فیلمی ١٠٣ و كۆتایی ئەم هەفتەیە (Tokyo Sonata) تەنها ١٠٦دۆلاری كۆكردۆتەوە.

فیلمی پەناگەی پیاوان "Couples Retreat" فیلمێكی كۆمیدییە، باس لە چوار پیاو دەكات، دەچن بۆ هاوینەهەواری دورگەیك بۆبەسەر بردنی پشووی خۆیان، و یەكێك لەو پیاوانە هەلەكە ئەقۆزێتەوە بۆ تەواوكردنی ئاهەنگی بوك گواستنەوەكەی، بەڵام ئەوانی تر تووشی چەند دانیشتنێكی مەساج و چارەسەری دێن، دەیانەوێت جێی بهێڵن، بەڵام بۆیان دەردەكەوێت كەوا ناچارییە و بەدەست خۆیان نییە جێهێشتنی.

ئەم فیلمە لە دەرهێنانی "پیتر بیلینچلی" و لەپاڵەوانێتی (ڤینس فۆن، جاسۆن باتمان، مالین ئەكرمان، كریستین بێڵ، كریستین داڤیز، تاشا سیمس)

ئەمەش تەواوی باشترین فیلمەكانی ئەم هەفتەیەی ئەمەریكا بەپێی پەیداكردنی زۆرترین داهات:

-1 (Couples Retreat) ٣٤،٢٨٦ ملیۆن$، كۆی داهات: ٣٤،٢٨٦ ملیۆن$، بەیەك هەفتە.

-2 (Zombieland) ١٤،٨٠٢ ملیۆن$، كۆی داهات: ٤٧،٦٠٣ ملیۆن$، بە ٢هەفتە، پلەی پێشو:١

-3 (Cloudy With a Chance of Meatballs) ١١،٥٢٧ ملیۆن$، كۆی داهات ٩٥،٧٧٨ ملیۆن$، بە ٤ هەفتە، پلەی پێشو:٢

-4 (Paranormal Activity) ٧،٩٠٠ملیۆن$، كۆی داهات: ٩،١١٣ملیۆن$، بە٣هەفتە، پلەی پێشو:٢٠

-5 (Toy Story ٢) ٧،٧٧٦ ملیۆن$، كۆی داهات: ٢٢،٧٦٨ ملیۆن$، بە٢ هەفتە، هەفتەی پێشو: ٣

-6 (Surrogates) ٤،٢٦٨ ملیۆن$، كۆی داهات ٣٢،٧٢٥ ملیۆن$، بە ٣ هەفتە، پلەی پێشو:٤

-7 (The Invention of Lying) ٣،٣٣٩ ملیۆن$، كۆی داهات ١٢،٢٩٥ ملیۆن$، بە٢ هەفتە، هەفتەی پشو:٥

-8 (Whip It) ٢،٨٢٧ ملیۆن $، كۆی داهات: ٨،٧٩٣ملیۆن $، بە٢ هەفتە، پلەی پێشو:٦

-9 (Capitalism: A Love Story) ٢،٦٣٠ ملیۆن$، كۆی داهات: ٩،٠٢٥ ملیۆن$، بە ٣ هەفتە، پلەی پێشو:٩.

-10 (fame) ٢،٥٤٣ ملیۆن$، كۆی داهات: ٢٠،٠٢٨ ملیۆن$، بە٣ هەفتە. پلەی پێشو:٧.













## باسکال مەشعەلانی بۆ گوڵان:

# ئێستا جورئەت بە خۆ رووت کردنەوە لێک دەدرێتەوە

دیمانە: خەلیل بلەیی
Xalil2001@yahoo.com

**باسکال مەشعەلانی بە جوانی و دەنگەکەی پێگەیەکی بەهێزی گرتووە لە نێو هونەرمەندە لوبنانی و عەرەبەکان و ساڵ دوای ساڵ پەرە بە هونەری خۆی دەدات و لە رووی پێگەیشتنی هونەرییەوە زیاتر پێدەگات، بەڵگەش بۆ ئەم قسانە بەرهەمە بەردەوامەکانیەتی کە هەمیشە جەماوەر زیاتر لە خۆی کۆدەکەنەوە و شایەدی بۆ توانای هونەری ئەم کچە هونەرمەندە دەکەن، دواییینیان ئەلبوومی ( بحبك انا بحبك) بوو کە سەرکەوتنی بەرچاوی بەدەستهێنا، لە پەیوەندییەکدا، باسکال مەشعەلانی بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.**

*** ئەلبوومە نوێیەکەت چ جیاوازییەکی هەیە لەگەڵ کارەکانی پێشووت؟**

- ئەوەی ئەلبوومە نوێیەکەم(بحبك انا بحبك) لە ئەلبوومەکانی پێشووم جیادەکاتەوە ئەوەیە کە لە رووی ئاواز و وشە و دابەشکردنەوە بابەتی نوێی تێدایە کە پێشتر بەو شێوەیەم نەگوتووە، بەڵام هەر ئەلبوومێکیش تامێکی تایبەتی خۆی هەیە.

*** وەك هونەرمەندێك پێت وایە کۆتایی هونەرمەند کەی دەبێت؟**

- کۆتایی هونەرمەندی سەرکەوتوو ئەو کات دێت کە تووشی لە خۆبایی بوون دەبێت، چونکە لە خۆبایی بوون گۆڕستانی هونەرمەندە، هەروەها کاتێك خۆی دووبارە دەکاتەوە و بڕوا بەخۆی دەکات ئەو کاتە جەماوەر هەست بە دووبارە کردنەوەکەی دەکات و وازی لێدەهێنێت لێرەش کۆتایی هونەرمەند دەست پێدەکات.

*** ئایا هەڵەی هونەری وا هەبووە کە تووشی تۆ هاتبێت و کاریگەری هەبووبێت لەسەر کاروانی هونەریت؟**

-بێگومان هەڵە هەبوو لە ئاواز یان کلیپ، بەڵام ئەم کارە کاریگەری نەبووە بەسەر کاروانی هونەری منەوە، بەڵکو خۆم لەگەڵ ئەو هەڵانەدا گونجاندۆتەوە، بێگومان ئەو مرۆڤەی هیچ هەڵەیەك نەکات هیچ فێر نابێت لە ژیان.

*** لە کچە هونەرمەند لوبنانییەکان خۆت لەگەڵ کێ بەراورد دەکەی؟**

- خۆم لەگەڵ هیچ هونەرمەندێك بەراورد ناکەم و هەر هونەرمەندێکیش ستایل و بەرنامەی تایبەتی خۆی هەیە لە ژیان و لە کارکردندا.

*** وەك هونەرمەندێك دەست دەخەیتە نێو کاروباری سیاسییەوە؟**

- نەخێر بە هیچ شێوەیەك خۆم ناخەمە نێو بابەتە سیاسییەکانەوە، چونکە من هونەرمەندم و کاری من هونەر و گۆرانی گوتنە.

*** ماوە ماوە هەست بە گۆڕانی رووخساری هونەرمەندان دەکرێت، ئایا ئەمە بەهۆی نەشتەرگەری جوانکارییە؟**

-ئەم باسە پەیوەندی بە منەوە نییە و من حەز ناکەم باس لە ژیانی تایبەتی هیچ کەسێك بکەم، ئەگەر نەشتەرگەری جوانکارییان ئەنجامدا بێت یان نا.

*** جورئەتی ئافرەتی هونەرمەند لای تۆ چ مانایەك دەگەیەنێت؟**

- بەداخەوە ئێستا جورئەت بە خۆ نمایش کردن و خۆ رووت کردنەوە لێك دەدرێتەوە، بەلای منەوە جورئەت بۆ ئافرەتی هونەرمەندە ئەوەیە لەهەر کات و شوێنێك بتوانێت شتێك پێشکەش بکات هونەری راستەقینەی پێوە دیار بێت و جەماوەری خۆی رازی بکات.

*** دەتەوێ لە ڕێگای هونەرەوە بەچی بگەی؟**

- هیچ کەسێك ناتوانێت سنووری خۆی دابنێت کە ئایا بە کوێ دەگات، منیش تا توانام هەبێت لە بواری هونەریدا دەمێنمەوە.

*** چ جیاوازییەك هەیە لە نێوان باسکالی هونەرمەند و باسکال وەك مرۆڤێکی ئاسایی؟**

- باسکال هەر باسکالە، من بە سروشتی کچێکی ئاساییم و کەسایەتیشم هەر یەکە.

*** چۆن خۆت دێتە بەر چاو وەك دایکێك؟**

-ڕۆمانسی و پڕ لە خۆشەویستی و میهرەبانی، بێگومان خۆم دێتە بەر چاو وەك دایکێك ئەمەش خەونی هەموو کچێکە کە خۆشەویستی بکات و بچێتە نێو ژیانی هاوسەرییەوەو منداڵی هەبێت.

*** بەڕای تۆ مەرجەکانی ڤیدیۆ کلیپی سەرکەوتوو چین؟**

- مەرجی ڤیدیۆ کلیپی سەرکەوتوو ئەوەیە کە هەموو بابەتەکانی گۆرانییەکە لە خۆ بگرێت، هەروەها نابێ هونەرمەند هەموو جارێك لە ڤیدیۆ کلیپدا بە هەمان شێوە خۆی دووبارە بکاتەوە.

*** وەك ئافرەتێك بڕوات بە دەسەڵاتی زاڵی پیاو هەیە؟**

- بەڵێ بڕوام بە ڕۆژهەڵاتیی پیاوانی ڕۆژهەڵات هەیە، بەڵام تا ڕادەیەك کە بە ڕێزەوە مامەڵە لەگەڵ ئافرەتدا بکات و رای وەربگرێت، نەك بەو شێوە ڕۆژهەڵاتییەی کە ڕێگای پێ دەدات بە بێ ڕێزی مامەڵەی لەگەڵدا بکات و هیچ حسابێکی بۆ نەکات.

*** لە کەناڵە عەرەبییەکان زیاتر سەیری چی دەکەی؟**

- سەیری ئەو فیلم و زنجیرانە دەکەم کە سەرنجڕاکێش بن.

***دەڵێن باسکال مەشعەلانی هەوڵ دەدات زیاتر جوانی خۆی دەربخات؟**

- بێگومان هەموو کچێك هەوڵ دەدات جوانی و مێینەتی خۆی دەربخات، بەڵام بەشێوەیەك کە ڕێزی خۆی بگرێت نەك بگاتە ڕادەیەکی زیاد لە پێویست.

*** ترسی ئەوەت نییە لە هەندێك وڵات کەسانێك هەبن دژایەتیت بکەن؟**

- نەخێر، چونکە من بڕوام بەخۆم هەیە و ئەو چەکەی بەکاری دەهێنم کە هونەر و جەماوەرکەمە و لە کۆتاییشدا هیچ گەورە و بچووکێك لە بەرامبەر هونەردا نییە.

*** بەپێی چەند ڕاپرسییەك دواترین ئەلبوومی تۆ (بحبك انا بحبك) لە زۆر شوێن پلەی یەکەمی بەدەستهێناوە هەستت چییە بەرامبەر بەم هەواڵە؟**

- من زۆر خۆشحاڵم بەو هەواڵە، بەڵێ ئەلبووم و گۆرانی (بحبك انا بحبك) لە چەندین ڕادیۆ و تەلەفزیۆندا بۆ ماوەیەکی زۆر پلەی یەکەمی بەدەستهێنا بۆیە جەماوەی داوای ئەوە دەکات ژمارەیەك لە گۆرانییەکانی ئەم ئەلبوومە بە ڤیدیۆ کلیپ بڵاوبکەمەوە ئەمەش وام لێدەکات خۆم زیاتر ماندوو بکەم و کاری جوانتر و باشتر پێشکەش بە جەماوەر بکەم.

*** گوێبیستی ئەوە بووین کە بۆ دووەم جار لە لایەن ڕۆژنامەی (اخبار)ی تونسییەوە خەڵاتکراوەی وەك باشترین گۆرانیبێژی هاوینی ٢٠٠٩؟**

- بەڵێ و من زۆر خۆشحاڵم بەو خەڵات کردنە کە بۆ دووەم جارە و لە لایەن وەزیری ڕۆشنبیری تونسی عەبدولرەئوف ئەلباستی بوو، ئەمەش دەبێتە هاندەرێکی زیاتر بۆ من بۆ ئەوەی کاری جوانتر و باشتر پێشکەش بکەم، ئاهەنگی خەڵات کردنی من ڕاستەوخۆ لەسەر شاشەی کەناڵی هەنیبەعل پەخش کرا و چەندین هونەرمەند و ڕۆشنبیری تونسی و عەرەبی ئامادەی ئاهەنگەکە بوون.

